ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
# ئۆکتۆبەر
دەورەی تازە
67
10 ی ئەیلول/ سێپتێمبەری 2023

## ڕاگرتنی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا تاوانە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان!



## بەرەو بەهێزکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٣

## نابێ خەڵکی کەرکوک ببنە قوربانی ململانێی نێوان هێز و میلیشا سیاسییەکان!

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ڕوداوەکانی ئەمدواییانەی کەرکوکەوە!**

بۆ لاپەرە ٥

## کۆماری ئیسلامی ئێران لە چاوی کرێکاران و لاوان و ژنان و تەواوی خەڵکی زەحمەتکێشەوە تەمەنی نەگریسی تەواو بووە!

**بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی خرۆشانە شۆڕشگێڕانەکانی ئێرانەوە**

بۆ لاپەرە ٦



## ناڕەزایەتی نوێی سوریا و داوای ڕوخانی بەشار ئەسەد!

**نوری بەشیر**

بۆ لاپەرە ٧

## خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

(مەنسور حیکمەت) ....... بەشی سێهەم .. لاپەرە ٩

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## ململانێیەکی قێزەون!

**موحسین کەریم**

ململانێیەکی قێزەون لەنێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمدا لەسەر پاروی دەمی بەشێکی فراوان لە خەڵکی کوردستان بەڕێوەدەچێت! ماوەی ٣ مانگە سەدان هەزار مووچەخۆری کوردستان، لە خانەنشینان، مامۆستایان، کارمەندان و کرێکارانی کەرتی حکومی و تاد. لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مووچەکانیاندا ڕاگیراون و ژیان و گوزەرانی خۆیان و خانەوادەکانیان لەناو گێژاوی برسێتی و هەژاری و نائەمنی ژیاندا بەبارمتەگیراوە! فشاری پەیداکردنی نان و خۆراکی ڕۆژانە، پارەی ئاوو کارەبای حکومی و مولیدە، کرێ خانوو، پارەی خزمەتگوزاری لەپاڵ فشاری پارەی نەخۆشخانەو داوو دەرمان تەنگی بەو خەڵکە هەڵچنیوەو کارەساتێکی مرۆیی چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات! کارەساتەکە هەر بەوێرانکردنی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆرانەوە ناوەستێ، بەڵکو ژیانی بەشی هەرەزۆری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لەئاکامی ئەم دۆخەو وەستانی بازارەوە روبەرووی کارەسات دەبێتەوە.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم، بێدەربەستانەو نابەرپرسیارانە حکومەتی ناوەندی تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە شایستە داراییەکانی هەرێم و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم ڕەوانە ناکات. حکومەتی ناوەندیش حکومەتی هەرێم بە سەرچاوەی کێشەکە دادەنێت بەوەی کە داهاتی نەوتی و نا نەوتی هەرێم ڕادەستی بەغدا ناکات، ئەوانیش ئامادە نین ئەو بڕەی حکومەتی هەرێم داوای دەکات ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن! بەمجۆرە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان

بۆ لاپەرە ٢

## درێژەی...............ململانێیەکی قێزەون!

کەوتوتە نێوان بەرداشی ئەم دوو دەسەڵاتە نابەرپرس و دژە مرۆییە و بێباکەوە.

گومان لەوەدا نیە کە حکومەتی هەرێم دەتوانێ مووچەی مووچەخۆرانی بدات، ئەگەر بەقەدەر سەرە دەرزیەک بەرپرسیاریێتی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نیشان بدات. نەک هەر بەو داهاتەی کە لەتاڵانچێتی و باج و قاچاخچێتی نەوت و پارەی گومرگەکانەوە بەدەستیان دەکەوێ، بەڵکو ئەگەر کەمێک لەو پارەیەی کە لەداهاتی کوردستان دەیان ساڵە دەیدزن و بە ملیارەها دۆلار مەزندە دەکرێ، بگێرنەوە بۆ خەزێنەی گشتی، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەک مووچە بە تێروتەسەلی و لەکاتی خۆیدا دابەش دەکرێ، بەڵکو دەتوانرێ پرۆژەی ئابوریش ئەنجام بدرێ و دۆخی ئابوری کوردستان لەوەی ئێستا هەیە زۆر باشتر بێت. بەڵام چەتەکانی بۆرژوازی کورد، کە دەسەڵاتیان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و چینی بۆرژوازی کوردە، لەسەر کارەسات و هەژاری و برسێتی و چەوساندنەوەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ێبەشکردن و بێمافکردنیان، سامانی خۆیان کەڵەکە دەکەن و ژیانی شاهانە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دابین دەکەن!

ئەوەندەی دەگەرێتەوە سەر حکومەتی ناوەند، سەرەرای ئەوەی کە ئیدیعای دەسەڵاتی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەکات و فشارەکانی لەسەر یەکێتی و پارتی بۆ پەلوپۆکردنیان رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبێت، بەڵام ئەم فشارانەی بۆسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بە قیمەتی بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵکی کوردستان دەباتەپێشەوە. حکومەتی ناوەندیش بەهەمانشێوەی حکومەتی هەرێم، لەلایەن کۆمەڵێک مافیای چەکداری ئیسلامی سەر بەئێرانەوە بەرێوەدەبرێ و هیچ بەرپرسیارێتیەکی نیە بەرامبەر ژیانی خەڵکی عێراق، چ جای خەڵکی کوردستان، بۆیە هیچ باکی بەوە نیە کە پاروی دەمی خەڵکی کوردستان بکاتە کارتی فشار بۆ چۆکدادان بەیەکێتی و پارتی و جێبەجێکردنی ئەجندا سیاسیەکانی خۆی دژ بە خەڵکی کوردستانی عێراق! ئەگەر لەعێراقدا دەسەڵاتێک هەبوایە کە هێندەی نوکە دەرزیەک بەرامبەر هاوڵاتیانی بەرپرس بوایە، بەدەر لە کێشەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستان، نەیدەتوانی قبوڵی ئەوە بکات کە موچەخۆرانی کوردستان بۆماوەی سێ مانگ بێمووچە بن و ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان ببێتە دۆزەخ.

بەڵام گومان لەوەدا نیە کە هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند، لە روانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق و کوردستانەوە، لە روانگەی بەرژەوەندی کرێکاران و خانەنشینان و مامۆستایان و کارمەندان و توێژە مووچەخۆرەکانی کوردستانەوە، دوو دەسەڵاتی کۆنەپەرستی تاڵانچی مافیایی بۆرژوازین و ئامانج و بەرنامەی سیاسی و کاروکردەوەی سیاسیان تەنها تاڵانکردنی سفرەی خاڵی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی سامانە خۆیان و هاوچینەکانیان لەناو چینی بۆرژوازیدا و هیچی تر. دوژمنی چینایەتی کرێکارو زەحمەتکێشن و هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵیاندا نیە. بۆیە هەڵوێستی دروست و سەرراستی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و مامۆستایان و مووچەخۆران لەسەر پرسی مووچەو ژیان و گوزەرانیان ئەوەیە کە دەبێ راستەوخۆ نیشانە لەو دوو دەسەڵاتە بگرێ، وەکو دوژمنی خۆیان سەیریان بکەن، بەهەموو رێگایەکی مومکین فشاریان بۆ بهێنن کە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژیانیان نیشان بدەن و کۆتایی بە یاری قێزەونی بەبارمتەگرتنی پاروی دەمیان بهێنن. دەبێ دەستبەجێ مووچەکانیان بەبێ دواکەوتن و بەسەریەکەوە پێبدرێ. نەدان و دواخستنی مووچەی مووچەخۆران لەلایەن هیچ کام لەو دوو حکومەتەوە هیچ پاساوێکی نیەو بایەخی یەک فلسی قەڵبی نیە! رووی نارەزایەتیەکانی خەڵک و مامۆستایان و خانەنشینان و کارمەندان و مووچەخۆران دەبێ لەهەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم بێت.

جێی خۆیەتی کە خەڵکی نارازی و مامۆستایان و مووچەخۆران، ئێستاو کە بە تەجروبەی خۆیان هەڵوێستی نامرۆڤانەی حکومەتی ناوەندیشیان بینی بەرامبەر بە قوتی دەمی خۆیان و خێزانەکانیان، نەفرەت لەو گروپ و لایەنانە بکەن کە پروپاگەندەی ساختەکارانەیان دەکرد سەبارەت بەوەی ئەگەر بچینەوە پاڵ بەغدا کێشەی مووچەو ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان باش دەبێ! دەرکەوت کە ئەوانیش لەسەر بنەمای درۆ و بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و مادی خۆیاندا ئامادەن خەڵکی کوردستان بەدەستبەستراوی رادەستی حکومەتی کۆنەپەرست و فاشیست و شۆڤێنیستی ئیسلامی و دژی بەشەری ناوەند بکەنەوە!

رێگای خەڵکی نارازی کوردستان رێگای هەڵبژاردن لەنێوان دوو حکومەتی تاڵانچی و چەتەگەری بۆرژوازی ناوەند و هەرێمدا نیە، بەڵکو جیاکردنەوەی رێگای خۆیانە لەوان و هێنانەمەیدانی هێزی رێکخراوی هوشیارانەی خۆیانە دژی هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم بەئاقاری سەپاندنی خواستەکانی خۆیان و بەدەسهێنانی مافەکانیان و پێچانەوەی بارگەوبنەی ئەم مافیا دەسەڵات بەدەستانە و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری کوردستان و عێراق لە شوراکانی خۆیاندا. دەسەڵاتێک کە لە نوێنەرانی راستەقینەو دڵسۆزو راستەوخۆ هەڵبژێردراوی خەڵک پێکبێت لەناو کارگەو گەرەک و شارەکاندا کە قابیلی لێپرسینەوەو لێپێچینەوەبن لەهەر کاتێکدا کە ئەوانەی هەڵیان بژاردوون، بیانەوێ! دەسەڵاتیک کە خەڵک خۆی هەڵیبژێرێ و هەرخۆشی چاودێر بێت بەسەریەوە، نەک ببێتە باڵادەست و ملهوڕ و زەرووی خوێنمژ بەسەریانەوە! دەسەڵات و حکومەتێک کە بەرپرسەکانی هیچ ئیمتیازێکی یاسایی و مادی جیاواز لە خەڵکیان نیە. ئیمتیازێکی دارایی ئەوتۆیان نیە کە دەرگا بکاتەوە بۆ کەسانی هەلپەرست و چاوچنۆک تا لەرێگای پلەوپایەی حکومیەوە دەوڵەمەند بن! دەسەڵات و حکومەتێک کە مووچەی بەرپرسەکانی هەر لە بەرێوەبەرێکەوە تا وەزیرێک، مووچەکەی هێندەی مووچەی کرێکارێکی شارەزا دەبێت!

★

# بەرەو بەهێزکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی!

عوسمانی حاجی مارف

لە میانەی دەسەڵاتی میلیشیایی و تاڵانچێتی بارزانی و تاڵەبانیدا، خرۆشانێکی بەرفراوانی جەماوەری لە ناوەندی شارەکان و شەقامەکاندا نمایشکراون، کە بۆداواکردنی پێداویستیەکان تا دەگات بەوەی دروشمی کۆتایی بەم دەسەڵاتە دەنگدانەوەیان بووەو جێگاوپێگەیەکی بەرچاویان نیشانداوین.

ئاستی تورەیی و دەربڕینی نارەزایی و نەویستنی ئەم دەسەڵاتە لە ئاستێکی بەرفراوانتریشدابە شوێنی خۆی ماوە، بەڵام لە ئێستادا لە شێوازی خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەریدا خۆی نانوێنێت، ئەم حاڵەتە لە خامۆشی، بۆتە جێگەی نیگەرانی کەسانێکی زۆر، ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە خێرایی و لە شەووڕۆژێکدا تەختوتاراجی ئەم دەسەڵاتە بپێچرێتەوە و بەرپرسەکانی ئەم دەسەڵاتە بە سزای تاوانەکانیان بگەیەنن، ئەم پەلەکردنە بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە بە هەر شێوەیەک بێت، زیاتر لە نێو توێژی زۆرینەی ئەو رۆشنبیرە ئازادیخوازندا بەرچاو دەکەوێت، کە تەنها لە پەنجەرەی ئازادیەوەو دور لە پێداویستیەکانی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە لە دنیا دەروانن، هەروەها لە ئاستێکی دیاریکراویشدا وەک حاڵەتێک لە نێو بەشێک لە چەپەکان و کۆمۆنستەکانیشدا ئەم دنیا بینینە سەری دەرهێناوە، کە لەگوتارو نوسینەکانیاندا، وەک شێوازی رەخنە لە خەمساردی و رۆڵی بێئیرادەی خەڵک تەعبیری لێدەکرێت، دەڵێن بۆچی ئەم خەڵکە و کرێکاران بەرەنگاری و کاردانەوەیان نیە..؟

ئەتوانم بڵێم ئەم خواستی پەلەکردنەو جۆری رەخنانە،جیاوازیەکی تایبەتی نێوان ئەو توێژەیە لە رۆشنبیرانی ئازادیخواز و زۆرینەی خەڵک بەگشتی، خەڵک بەدوای ئاڵوگۆڕێکەوەیە بۆ باشترکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی، بەڵام ئەو "ئازادیخوازانە"تەنها بەدوای هەوای پاکی ئازادیوەن، بەتەنگ جیاوازی بەینی هەژارو دەوڵەمەندەوەنین،لەژێر پەردەی ئازادیدا دەبنە بەشێک لە پارێزەری پێگەی چینە باڵاکان، بۆیە هاوکێشەی نارەزایەتیەکانیان مانای جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت، کەبەلای هەر لایەنێکیانەوە مانای پراکتیکی تایبەت دەبەخشێت، ئەو ئازادیخوازانەیتەنها ئەوینی پەرچەکردارو کاردانەوەو بەرەنگارین لە هەر ئاستێکدا بێت بۆ گورزکێشان بەدەسەڵاتێکی دیاریکراوی نەخوازراوی دژ بە ئازادی،لە سەرکەوتنی ئازادیدا دەچنە سەر ئەوکارانەی بە هۆی ئازادیەوە بەدەستیان هێناوە، بۆ نمونە دەبنە میدیاکار، بەڵام خەڵکی ستەمدیدە بەدوای ئاڵوگۆڕێکی ریشەییە لە پێناو خۆشگوزەرانی و مافەکانی ژیاندان، گەر هاوشانی ئازادی، خواست و خۆشگوزەرانی و مافەکانی کرێکاران و توێژە نەدارەکان دابین نەکرێت، ئەو ئازادیە بەدەردی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک نایەت، ئەو کات جیاوازی چینایەتی لە ژێر پەردەی ئازادیدا بە شێوازێکی تر خۆی بەرهەم دێنێتەوە، ئازادی بەبێ گرێدانەوەی بە خواستە زیندوەکانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش جێگایەک لە خەباتی جەماوەریدا پەیداناکات.

روخانی دەسەڵات بۆ کرێکاران مانای باشترکردنی ژیانیانە لە بەرزکردنەوەی کرێی کارو کەمکردنی سەعاتی کار و دابینکرنی سەلامەتی کارو ....، کرێکاران و زەحمەتکێشان بەداوی جوڵانەوەیەک ناکەون کە ئاکامەکەی لە پەیوەند بە ژیانیانەوە نارۆشن بێت، روخانی دەسەڵات بۆ ئەو توێژە لە رۆشنفکرانی ئازادیخواز، لە پێناو دۆخێکدایە بۆ ئازادی بیروباوەریان، نەمانی زیندانی سیاسی، ئازادی رۆژنامەوانی.. کە ئەمانەو زیاتریش لەوانە هەڵبەتە زۆریش باشن، بەڵام کۆمەک بە سفرەی خاڵی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و هەژارو نەدار ناکات، واتە گلەیی کردن یا رەخنە گرتن، لە ئاستی چۆنیەتی و شێوازی نارەزایەتیەکان لەو شوێنەوە نابێت ببینرێت، کە بۆچی بەرەنگاریمان نەکردوەو خرۆشانەکان تەوژمی جوڵەی گەڕاوەتە دواوە، بە تایبەتی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆ کۆمۆنستێک مانای رێگە ونکردنی رێبازو ئامانجەکەی دەگەیەنێت، بریارنیە کۆمۆنستەکان گلەیی بکەن و رەخنە لە کرێکاران و زەحمەتکێشان بگرن لەسەر ئەوەی خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری ناکەن و نایەنە مەیدان و کاردانەوەیان نیە، دیارە ئەوەیان لەبیر چووە، کرێکاران پێداویستیەکانی ژیان و ئاستی ئامادەییان لە رێکخستن و یەکگرتویی دەینخاتە سەر رێرەو کاردانەوە، بۆیە دەبێت ئەورێگایانە لە شێوازی نارەزایەتی نیشان بدەین کە مایەی سەرکەوتن و دەستکەوت دەبێت بۆ باشترکردنی ژیانی خودی کرێکاران و خەڵکی هەژارو نەدار، بەمانایەک بۆ زۆرینەی دانیشتوان لە دابینکردنی خواست و پێداویستیەکانیان، یان رۆشنتر بڵێین کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتێک بەمەرجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالستی و بنەبرکردنی تەواوی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان مانا پەیدا بکات، کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی پێداویسیەکانی خۆیان دێنە مەیدان، بۆ خەیاڵات و

ئارەزوی ئەو جۆرە لە "چەپ و کۆمۆنستەکان" ژیانی خۆیان ناشێوێنن.

هەڵبەتە بۆ کۆتایی هەردەسەڵاتێک سەرکەوتوترین ڕێگا خۆپیشاندان و خرۆشانی بەرفراوانی ڕیزی ملیۆنی خەڵکە کە تەواوی دامودەزگاکانی دەستەی دەسەڵاتدار تێکوپێک دەشکێنێت، واتە کۆتایی هەردەسەڵاتێک ئاکامی خۆڕانەگریە لە بەرامبەر نارەزایەتی و خرۆشانی ڕیزی ملیۆنی، کە لە ماوەیەکی کەمدا بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە ناچار بە هەڵاتن دەکات.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەر حکومەتێکدا، دوبارە دامەزراندنەوەو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە مەسەلەیەکی جدیە!، کە پێویستە بە ئاسۆ وئامادەیی و توانای هێزی جەماوەر، ڕێگا نەدرێت دەسەڵاتێک بێتەوە سەرکار کە بەهەمان میکانیزم و پرۆسەی دامەزراندنی نایەکسانی و بەرجەستەکردنەوەی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان لە شێوازێکی تردا دوبارەبێتەوە، لە مێژوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، لە کێشمەکێشی نێوان دەسەڵات و خەڵکدا نمونەی بەرچاومان هەیە، وەک ئێران و میسرو تونس....، بۆیە ئەوەی کە جێگای سەرنجە،مەسەلەکە خامۆشی و نەبونی بەرەنگاری و کاردانەوەنیە، بەڵکو نەبونی ئاسۆی جولانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی گشتگیرە لە بەرجەستەکردنەوەی پراکتیکی شۆڕشگێرانەدا، کارکردنە بە ئامانجی سەرکەوتن بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی یەکسان کە بۆ تەواوی دانیشتوانفەراهەم بێت.

ئەوەی لە نێو تەواوی نارەزایەتیەکان و بەرەنگاری و کاردانەوەکاندا پێویستە جێگای سەرنجمان بێت،سایەنەکردن و لاوازیەکی بەرفراونە لە بونی مەیل و ڕەوتی سۆشیالستی، تەواوی ئەو جولانەوانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و هەر وڵاتێکدا کەلە چەند ساڵی ڕابردودا بەبەرچاومانەوە بوە، کێشەی بنەڕەتیان هەر ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ کۆتایی سیستمی سەرمایەداری زۆر لاوازە، یا لە ئاستی نەبوندایە، ئەوەی سایەی کردوە جولانەوەی چاکسازیە، چاکسازیش لە ئاستێکی نزمدا، واتە کەموکوڕی جولانەوەکان هاتنە خوارەوەی بەرنگاری و کاردانەوەنیە، بەڵکو نەبونی پەتەوی ئاسۆ و مەیل و ڕەوتی سۆشیالستیە لە ڕێڕەوی بەرنگاری و کاردانەوەکاندا، هەتا لەنێو نارەزایەتیە کرێکاریەکانیشدا، لاوازی ئەم ڕەوتە واقعیەتێکی تاڵە، لەوە تاڵتر ئەوەیە کە خەباتی کۆمۆنستەکان نەچێتە سەر گۆڕینی ئەو واقعە تاڵە، بە ناوی لاوازی بەرەنگاری و کاردانەوە، ڕەخنە لە هێزی بەرهەمهێن دەگرێت کە بۆچی کاردانەوەیان نیە، کە ئەم ئاراستەیە نەک هیچ خزمەتێک بە گەشەی بزوتنەوەی سۆشیالستی ناکات، بەڵکو لە بەرامبەر چاکسازیشدا دەستەوستان ڕادەوەستێت، کە دەبێتە پاشکۆی جولانەوەی ئەو چاکسازی و ئازادیخوازیەی توێژە ناکرێکاریەکان بەدوایدا وێڵن، بەڵام پێویستە هاوکێشەکە بە پێچەوانەوە بێت، واتە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و چاکسازی دەبێت جێگای خۆی لە نێو جولانەوەی یەکسانخوازیدا بکاتەوە.

واقعیەتی جولانەوە کۆمەڵایەتیەکان شەڕی چینایەتیە، کێشمەکێش و شەڕی نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدارە، کۆتایی سەرمایەداری یەک ڕێگای هەیە، خەباتی ڕێکخراوی چینی کرێکارە دژ بە سەرمایە و سەرمایەداری و سەرمایەداران، کاتێک لە نێو ئەو خەباتەدا ئاستی مەیلی سۆشیالستی سایەی نەکردبێت، هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزوتنەوەی سۆشیالستی کرێکاری نەبێت، حەتمیە شۆڕشی سۆشیالستی لە هەر هەنگاوێکدا قابیلی پاشەکشەو شکست خواردنە.

خەباتی چینی کرێکار و کۆمۆنستەکان ئاوێزانە بەوەی کە کاتێ دژ بە هەر دەسەڵاتێکن، بەو مانایە دژی ئەو دەسەڵاتەن کە بەرگری لە پاراستن و مانەوەی سەرمایەداری دەکات، نەک ئەوەی چەندە دژی ئازادیە. جا ئەو دەسەڵاتە لەکوردستان بێت یا عێراق و هەرشوێنێکی تری دنیا، ئامرازی دەستی سەرمایەدارانە بۆ چەوسانەوەی کرێکاران و زۆرینەی کۆمەڵگە و پاراستنی هێزی کار وەک کاڵا، ئەو دژ وەستانەوەیە خەباتێکی ڕۆشن و پراکتیکێکی شۆڕشگێرانە دەخوازێت لە چۆنیەتی بەهێزکردن و ڕێکخستن و سایەکردنی ڕەوتی سۆشیالستی لەناو تەواوی بزوتنەوەی کرێکاریدا، بەمانایەک ناوەڕۆکی ڕەوتی ئەو جولانەوەیە بە خەبات بۆ کۆتایی کاری بەکرێ بناسرێتەوە، تا لەهەر ساتێکی ئامادەبونیدا بتوانێ زەنگی کۆتایی دەسەڵاتی سەرمایەداران ڕاگەیەنێت.

گەر ئەوە بەفەرمی بناسین لەدەورانی ئێستای خەباتی چینی کرێکاراندا بەگشتی مەیل و ڕەوتی سۆشیالستی نەیتوانیوە هاوسەنگی هێزی خەباتی سۆشیالستی بگاتە پێشەنگی هەڵسورانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی دیاریکراودا لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، واتە پێویستە هەنگاوەکانمان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێت لە نێو خەباتی چینی کرێکار بە تایبەتی و لە نێو خەباتی جەماوەریشدا بە گشتی، بۆبەدەستەوەگرتن و چونە پێشەوە لە گەشدان و پێشڕەوی بە مەیل و ڕەوتی سۆشیالستی،ئەو کاتە ئەتوانین بڵێین بەرەنگاری و کاردانەوەش مانای پراتیکێکی شۆڕشگێرانە وەردەگرێت.

ئەم باسە بەو مەبەستە دەخەمە ڕوو کە دەرگایەکی جدی بۆ باسی نێوان کۆمۆنستەکان لەسەر نارەزایەتی و شۆڕش و بەهێزکردنی ڕەوتی سۆشیالستی بکاتەوەو جێگای لێکۆڵینەوەو نەخشە کارێک بێت بۆ بەرێخستن و چونە پێشەوەو هەڵگیرساندنی شۆڕشی کرێکاری.

★

# نابێ خەڵکی کەرکوک ببنە قوربانی ململانێی نێوان هێز و میلیشا سیاسییەکان!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی رووداوەکانی ئەمدواییانەی کەرکوکەوە!

ئەمڕۆ بە مەبەستی هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم گێرانەوەی بارەگاکانی پارتی بۆ کەرکوک، بە پاساوی داخستنی ڕێگای کەرکوک-هەولێر، پارتی خۆپیشاندانێکی وەڕێخست و هێزەکانی باڵادەست لە کەرکوکیش، لە ڕێگای زەبروزەنگ و تەقەکردنەوە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە و لە ئاکامیشدا کەسێک کوژراوە و چەند کەسیش بریندار بوون و کەشی شارەکەش میلیتاریزە و نائارام کراوە.

بێگومان ململانێی نێوان ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، بە تایبەتی پارتی، لەگەڵ هێزە باڵادەستەکانی کەرکوکدا، سنووردار نابێتەوە بە داخستنی ڕێگای هەولێر و کەرکوک و گێرانەوەی چەند بارەگایەکەوە، بەڵکو ئەوە تەنها پاساو و بیانوویەکە لە پەیوەند بە ململانێی دەسەڵات لەو شارەدا لەسەر بنەمای قەومی و تایفی لەپێناو دەستگیربوون لە داهات و سامانی ئەو شارەدا. ململانێیەک کە لە ئێستادا بۆ بەدەستهێنانی پێگەی دۆڕاوی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی ئەم شارەیە لە هەڵبژاردنەکەی داهاتوودا، ئەویش بە دنەدانی قەومی و نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی ئارامی شارەکە. بەدڵنیاییەوە چ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی و چ حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان لە پێشیانەوە" پارتی و یەکێتی" ئەزموونێکی بێ کۆتایان لە میلیتاریزەکردنی کەرکوک و نائارامی و دزی و تاڵانی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی قڵشتی قەومی لەنێوان عەرەب و کورد و تورکماندا هەیە. هەمووشیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان و باڵادەستییان بەسەر شاری کەرکوکدا، ئامادەن دەست بۆ کوشتاری قەومی و بەگژداکردنی خەڵکی شارەکە بەرن. ئەمە لە کاتێکدایە کە خەڵکی شاری کەرکوک ئەزموونی تاڵی چەندین ساڵەی دەسەڵاتداریێتی حکومەت و هێزەکانی عێراق و ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتییان هەیە کە چۆن ژیانیان لە ناهەموارترین دۆخی سیاسی و ئەمنی و دزی و تاڵانی، بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و وێرانەدا ڕاگیراوە.

هەر بۆیە چ حیزب و لایەنەکانی عێراق و چ حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دوور و نزیک ململانێیان لەسەر ماف و ویستی دانیشتوانی هیچ بەشیک لە خەڵکی شارەکە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە باڵادەستییان لە ڕێگای چەک و میلیشیاکانیانەوە بەسەر ئیرادەی خەڵکی کەرکوکدا بە خۆ هەڵواسین بە ناسنامە قەومییەکانەوە، بەدەستەوە بگرن. بەمجۆرە تا لەو ڕێگایەوە خەڵکی کەرکوک لەهەر چەشنە دەخاڵەت و ئیرادە نواندنێک دوور بخەنەوە و بەو جۆرەی دەیانەوێت سەرئەنجام لەسەر بەشە دەسەڵات و تاڵانچیتی خۆیان ڕێک بکەون. خەڵکی کەرکوک بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوری و کلدان و باقی پێکهاتەکانیەوە، نەک نابێ هێچ جۆرە خۆشباوەرییەکیان بە هێزە بۆرژوازییەکانی کورد و عەرەب و تورکمان هەبێت، بەڵکو دەبێ بەدەست لەناو دەستی یەکتری، پیلانگێری ئەو لایەنانە پوچەڵ بکەنەوە و وەکو هەمیشە لە کەنار یەکتریدا ڕابوەستن و خواستی چوونە دەرەوەی سەرجەم بنکە و بارەگا هێزی چەکداری حزبەکان بەدەستەوە بگرن. ئیرادەی سیاسی خۆیان بە کۆبونەوە لە دەوری یەکتری بۆ بەرێوەبردنی شارەکە بکەنە سەر مەشقی گێرانەوەی ئارامی و ئیرادە بۆ خەڵکی شارەکە. هاوکات تاوانبارانی دزی و تاڵانی و کوشتار و دنەدەرانی بەیەکدادانی قەومی بخەنە بەردەم لێپرسینەوەی دادگای عادلانەی جەماوەری و خواستی ئاشکراکردنی سەرکوتگەران و بکوژانی خۆپیشاندەرانیش بەدەستەوە بگرن.

کەرکوک شاری دانیشتوانەکەیەتی بە عەرەب و کورد و تورکمان و سەرجەم پێکهاتەکانیەوە، نەک شاری دابەشکاری قەومی و تایفی. تا کەرکوک و تەواوی ناوچەکە لە دەستی ئەم هێزانە پاک نەکرێتەوە، ئایندەیەکی ئارام و ئازاد و بێ دزی و تاڵانی مەیسەر نابێت. ئەوەی ئەمرۆش روویدا تەنها گۆشەیەکە لە مێژوویەکی درێژ و نەنگینی هێزە بۆرژوازییەکانی عەرەب و کورد، لەسەر تاڵانی و دزی و بێئیرادەکردنی دانیشتوانەکەی و هەوڵە پوچەکانیان بۆ بەیەکدادانی دانیشتوانی شارەکە.

ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا شەڕ و پێکدادانی هێزەکانی عێراق و ناسیونالیزمی کورد و پارتی و مانۆڕەکانیان، ئیدانە دەکەین و دەستبردن بۆ توندوتیژی لەدژی خۆپیشاندەران بە ناسنامەی پڕ شەرمەزاری ئەو هێزانە دەزانین، هاوکات سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی رووداوەکەی ئەمڕۆ دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. داوای ئاشکراکردن و سزادانی تەقەکەر و بکوژەکان دەکەین. هاوکات داوا لە خەڵکی کەرکوک دەکەین خۆیان نەدەنە دەست درۆ و دەلەسەی قەومی و نەتەوەپەرستی ئەم هێزانەوە و بگرە وەک دوژمنانی خۆیان بیان ناسن و پەنجەی تاوانکارییان بۆ ڕابکێشن. کۆبوونەوەی جەماوەری نارازی شاری کەرکوک لە ڕیزێکی سەربەخۆدا بە ئاڵای پێکەوە ژیان و بە ناسنامەیەکی ئینسانیەوە، مەرجێکی سەرەکی خەباتی هاوبەشی خەڵکی ئەم شارەیە بۆ زامنکردنی ئارامی و ئاسایش و باشبژێوی و دەستکۆتاکردنی هەمو ئەو هێزو لایەنە قەومی و میلیشیایانەی کە ژیانی خەڵکیان بەم دۆخە بردووە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢/٩/٢٠٢٣**

# کۆماری ئیسلامی ئێران لە چاوی کرێکاران و لاوان و ژنان و تەواوی خەڵکی زەحمەتکێشەوە تەمەنی نەگریسی تەواو بووە!

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەیساڵیادی خرۆشانە شۆڕشگێڕانەکانی ئێرانەوە

ساڵێک لەمەوبەر و بەبۆنەی کوشتنی دەستئەنقەستی ژینا ئەمینەوە پڕیشکی هەستان و خرۆشانی جەماوەری ناڕازی بەشێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ژنان و لاوان و مامۆستایان و جەماوەری زەحمەتکێش، لەدژی سەرکوت و ستەم و نایەکسانیەک کە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە ئێران، بەسەر کۆمەڵگەدا دایسەپەندووە، دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەی لەرزاند و چرای ئۆمێدێکی گەورەی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە، هەڵکرد. ئەم جوڵانەوەیە هەر لە سەرەتاکانیەوە سیمایەکی ڕادیکاڵ و دژە سیستمی لە خۆی نیشان دا و حیجاب و عەمامە و بەشێک لە ڕەمزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تورِ هەڵدا، هەڵگری خەسڵەتێکی قوڵی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی شۆڕشگێڕانەی لە خۆی نیشان داکە هەر زوو بووە مایەی پشتیوانییەکی گەورەی جیهانی.

ئەمساڵ لەم یادەدا کۆماری ئیسلامی هەوڵ ئەدات لەڕێگەی سەرکوت و دەستگیرکردن و داسەاندنی فەزای ترس و تۆقاندنەوە بەر بە هەڵسوڕاوانی کرێکاری و جەماوری و ژنان و لاوان لە کارگە و گەڕەک و زانکۆکان بگرێ نەکا دوبارەبوونەوەی هەر جۆرە جوڵە و خۆپیشاندان و نارەزایەتیەک گڕکانی تورەیی و نەفرەتیخەڵکی بێبەش و ئازادیخواز دوبارە بتەقێتەوە و بگاتە ئاستێکی وا تەواوی حوکمی ئیسلامی لە ئێراندا ڕابماڵێ. ئەمەش بۆتە مۆتەکەیەکی واقعی و بەربینی بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی گرتووە. بەم حاڵەشەوە ئەوە جەماوەری ناڕازی و کرێکاران و ژنان و لاوانی ئازادیخوازە کە لە هەوڵی ئەوەدان بە هەر جۆرێک بۆیان بکرێ هەم لە شارەکانی ناوخۆی ئێراندا و هەم لە وڵاتەکانی دونیادا بۆ بەرزڕاگرتنی خواست و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوە جەماوەریەدا پێبنێتە مەیدانەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەروەک چۆن وەک بەشێک لە خەباتی خەڵکی کرێکار و بێبەش و ژنان و لاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێران لە سەرەتای هاتنە کایەوەی ئەو خرۆشانە جەماوەریەدا پشتیوانی بێدرێغی خۆی نیشان دا، ئێستاش هەروا چ لە ئێران و چ لە هەر وڵاتێکی دنیا ئازادیخوازان و کەسانی کۆمۆنیست و سۆشیالیست جوڵەیەک بەڕێبخەن پشتیوانییان لێ ئەکات و کار بۆ سەرخستنی ئەکات. بە تایبەتیش حیزبمان بە تەواوی توانایەوە لەپاڵ مانگرتنی گشتی لە سەراسەری ئێران و لە شارەکانی کوردستان و کۆبوونەوەی جەماوەری و نارەزایەتیەکانی خەڵکی ستەمدیدەی ئێران ڕادەوەستێ و داوا لە ئازادیخوازان ئەکات بە هەر شێوەیەک بۆیان گونجاوە پشتیوانی لەو نارەزایەتی و چالاکیانە بکەن کە بانگەوازی بۆ کراوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە چاوی کرێکاران و لاوان و ژنان و تەواوی خەڵکی زەحمەتکێشەوە تەمەنی نەگریسی تەواو بووە و ئەمڕۆ یا سبەی بە خەباتی بێوچانی ژنانێک کە پێشەوا و لە ڕیزی پێشەوەی خرۆشانی ساڵپاردا بوون، بە یەکخستنی خەباتیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی بێبەشان و لاوانی چەپ و شۆڕشگێڕدا و بە کۆبوونەوەیان لە دەوری ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕانە ئەتوانرێ لە کار بخرێ و ڕەشترین دەسەڵات لەم ناوچەیەدا گۆڕبەگۆڕ بکات. بێگومان خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی دنیاش باوەشی هاوپشتی و پشتیوانییان بۆ ئەکەنەوە.

بێگومان یادکردنەوەی خرۆشانی ساڵی ڕابردووی ژنان و جەماوەری شۆڕشگێڕی ئێران و هەر نارەزایەتیەک کە لەم ڕێڕەوەدا سەرهەڵبداتەوە قابیلی پشتیوانی و کۆمەک پێکردنە و ئێمەش بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین تا ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران بە تەواوی تواناوە پشتیوانی بکەین. هەر لێرەشەوە جارێکی تر هاوخەمی و هاوسۆزی خۆمان بۆ کەسوکاری مەهسا ئەمینی و هەموو ئەوانەی لەم بزووتنەوەیەدا بوونە قوربانی دەرئەبڕینەوە.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی ژینا ئەمینی**
**پایەدار بێ خرۆشان و هەستانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بێبەشی ئێران**
**٧ ی سێپتێمبەری ٢٠٢٣**

# ناڕەزایەتی نوێی سوریا و داوای ڕوخانی بەشار ئەسەد!

نوری بەشیر

ناڕەزایەتیەکی جەماوەری فراوان کە دەچێتە سێهەمین هەفتەوە و بەردەوام و بەرەو فراوان بوونەوە دەچێت، لە سوریا دەستی پێکردوە. سەرەتا ئەم خرۆشانە جەماوەریە لەشاری سوەیدا و دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەری بەدژی هەلومەرجی گرانی، هەژاری و گەندەڵی دارودەستەکانی دەسەڵات، دەستیپێکردو لەیەکەمین ڕۆژەکانەوە بەفراوانی ئەم ناڕەزایەتیانە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تەنیەوە. دروشمەکان بەرەو دروشم و خواستی سیاسی بەدژی بەشار ئەسەدو حزبی بەعس ڕۆیشت.

ناڕەزایەتیەکانی ئەمجارە هاتنەمەیدانێکی یەکدەنگ و یەک هەڵوێستە بەشێوەیەکی فراوان کە خۆپیشاندەران وێنەی بەشار ئەسەدیان لەناوەندی شاری سوەیدا داگرت و سوتاندیان و بارەگای حزبی بەعس دەستی بەسەردا گیرا و دروشمی " بڕۆ بڕۆ بەشار ئەسەد"، "بروخێ دەسەڵاتی بەعس" و " جەماوەر ئەیەوێت رژێم بڕوخێنێت" هەرزوو بەزویی بەرەو شاری دەرعا و دواتر بۆ بەشی باکوری ڕۆژئاوای سوریا و دواتر زۆرێک لە شارۆچکەو ناوچەکانی دەوری سوەیدا و هەندێ لە دیهاتەکانی دەوروبەری حەڵەب و دیمەشق و ناوچەکانی ئەدلب و بەرەو رەقەو حەسەکە ڕۆیشت.

ئەم ناڕەزایەتیانەی سوەیدا بەدوای بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنیدا دێت کە رژێمی بەشار ئەسەد بەشێوەیەکی خەیاڵی بردیە سەرەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگە خۆی سەرتاپای لە گرانی و برسێتی و نەخۆشی و بێ ئاو و کارەبا و بێکاری ڕادەبەدەر نقوم بووە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوە جیهانیەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩٠٪ی کۆمەڵگە لەژێر هێڵی هەژارەیەوە دەژی. لیرەی سوری بەجۆرێک دابەزیوە کە لە ساڵی ٢٠١١ دا ٤ لیرە بەرامبەر بوو لەگەڵ یەک دۆلار، بەڵام ئێستا یەک دۆلار ١٥٥٠٠ لیرەیە! کە زیاتر لە ١٥ ملیۆن ئینسان کە لەسەدا هەفتای دانیشتوان دەکات پێویستیان بەیارمەتیە و زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەس پێویستیان بە کۆمەکی خۆراکیە. بانگەوازی ڕێکخراوی یونسێف بۆ بە هاناوەچوونی خێرای نزیکەی شەش ملیۆن و نیو منداڵ پێویستیان بە هاوکاری بەپەلە هەیە.

ئەم ناڕەزایەتیانەی سوەیداو ناوچەکانی، لەکاتێکدا ڕوودەدات بەجیا لە هەژاری و برسێتی دەستی ناوەتە گەروی خەڵکی سوریا، دەستی بەشار ئەسەدو رژێمەکەی لەلایەن وڵاتانی کۆمکاری عەرەبیەوە گیراو بردیانەوە ناو یەکێتی وڵاتانی عەرەبی لەچوارچێوەی سیاسەتی قوتبەندی نوێی جیهانی کە سەرێکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و لەوسەری روسیاو چینە، وە ڕێکەوتنی سعودیە و ئێران سەرمەشقی ئەو کارانەبوون بۆ بەرژوەندی خۆیان رژێمی بەشار ئەسەد سەربەرزانە بهێننەوە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە ئاسانی لەو تاوانانەی ئەنجامیداوە ڕزگاری بکەن.

تا دێت ئەم ناڕەزایەتیانە بەشۆڕو شەوقەوە بەردەوامە، ئەمڕۆ هەینی ٨ی سەپتێمبەر لەگەڵ ڕێگری هێزەکانی رژێمدا لەشارۆچکەو دیهاتەکانی سوەیداوە بەلێشاو خەڵک بەرەو سوەیدا و مەیدانی کەرامە کە بەهەزاران خەڵکی لەخۆ گرتبوو بە یەکریزی و داواو خواست و دروشم و پلاکارت و قسەوباسی سیاسی وەک: "روخانی بەشار ئەسەدو دامەزراندنی دەسەڵاتی مەدەنی لەلایەن خەڵکەوە" و "ئێمە ئازادیمان دەوێت.. بەپێچەوانەی ویستی تۆ بەشار ئازادیمان دەست دەکەوێت"، هەروەها هاتنی ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی ئەم ناڕەزایەتیانە لەشاری دەرعاوە. هاوکات خۆپیشاندەران بینای یەکێتی کرێکاری و بینای یەکێتی جوتیارانی سەر بە رژێمیان داخست و وێنەی بەشار ئەسەدیان لەسەربانەکان داگرت و داوا لەو یەکێتیانە دەکەن کە بەگری لە مافەکانی کرێکاران و جوتیاران بکەن و بەدژی سیاسەتی دەسەڵات هەڵوێست بنوێنن. هەروەها نوێنەرانی ناڕەزایەتیەکان چەند زیندانی سوپای بەشار ئەسەدیان لابوو ئازادکردو داواوی ئازادکردنی ژمارەیەک کەس لە دەسەڵات دەکەن.

هاتنەمەیدانی خەڵک بەم یەکڕیزی و دروشمە سیاسیانەوە راپەڕینی بەهاری عەرەبی ٢٠١١ دێنێتەوە یادی خەڵکی سوریا و دنیا، ئێستا مەیدانی کەرامە پاش ١٢ ساڵ یادی راپەڕینی میسر کە دەیانوت ئێرە ساحەی تەحریرە دەهێنێتەوە بیری خەڵکی، بەڵام ئێستا خەڵک دەڵێت ئێرە مەیدانی کەرامەیەو داوای روخانی دەسەڵات بەیەکجاری و دامەزراندنی دەسەڵاتی مەدەنی جەماوەری دەکەن.

فراوانبوونەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە رژێمی سوریاو هەموو هێزەکانی دەخالەتگەری سوریای ترساندوە، هەربۆیە پرووپاگەندە لەوەی کە سوەیدا ناوەندی دورزیەکانە دەیانەوێ مۆری قەومی لە ناڕەزایەتیەکان بدەن. هەروەک لە ٢٠١١دا ئەوکارانەیان کرد بەدابڕانی خەڵکی سوریا بە دەستەوتاقمی دینی و قەومی و تایفی و دەستگرتنی کۆنەپەرسترین ملیشیای سەر بە رژێم و هەتا دەخالەتی راستەوخۆی تورکیا، ئێران، حزبوڵای لوبنان و روسیا

لەولاوە ئەمریکا بەهێزەکانی و دەستگرتنی چەندین جۆر تاقمی قەومی و دینی تا دەگاتە داعش. بەڵام بەوە دەچێت ئەمجارە ئەمە دادی دەسەڵات نەدات و هاوکاتی ئەم ناڕەزایەتیانەی سوریا لە شارەکانی لاذقیە و طرطور کە بە کەناراوەکانی سوریا ناسراوەو دەکەونە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بەحسابی دەسەڵات و هاوپەیمانەکانی بەناوچەکانی عەلەویەکان دەیناسێنن کە هێمایە بۆ بەشار ئەسەد کە عەلەویە، لەسەرەتای خۆپیشاندانی سوەیداوە هاوپشتیان ڕاگەیاندوەو چەند خۆپیشاندانی لێرەو لەوێ لەمانگەکانی پێشودا ئەنجام دراوە.

هەربۆیە ترسی فراوانبوونەوەی زیاترو سەرتاسەری بوونەوەی ئەم ناڕەزایەتیانەی ئەمجارە، ترسی خستۆتە ناو ریزەکانی بەشار ئەسەدو سەرەتا بە هەڕەشەلێکردن لە ڕێگای لونا شبلی راوێژکاری ئەسەدەوە کە خۆپیشاندەرانی بە بەکرێگیراو ناو بردووە و بەدوایدا بەناچاری پارێزگاری سوەیدا وتویەتی داواکان دەخەینە بەردەم دەسەڵاتی بەشارو دواتر بەناچاری چەند وەفدی ڕژێم بۆ راوێژ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کۆبونەوە، بەڵام شکستیان خوارد. جارێک لەڕێگای پارێزگاری سوەیدا و جارێکی تر پارێزگاری دیمەشق و جارێکی کە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی ڕژێم و دواتر بۆ ناوەندگیری دەسەڵات پەنایبردوە بۆ سەرۆکی پارتی یەکێتی لوبنان وئام وهاب و دوایی لەڕێگای حزبی دیموکراتی لوبنانی طلال ئەرسەلانەوە بەڵام ئەمانیش بەدەستی بەتاڵ گەڕاونەتەوە.

بەشار ئەسەد و دەسەڵاتەکەی دەوریەکی ئەزمەی سیاسی و ئابوری گەورە بەسەر دەبات کە بۆ ئەم دەورەیە هیچ توانای وەڵامدانەوەی نیە. هێزەکانی ئێران و حزبولای لوبنان بەدەرجەیەک ریسواو لاکەوتە بوون، ئێستا سوپای پاسداران بەناوی فەیلەقی ٤ی سوپای سوریاوە خۆی دەناسێنێت، هەربۆیە بەدوای ئەو هەوڵە جۆراوجۆرانەی حکومەتی بەشار ئەسەدو شکستهێنانی، یەکێک لە ئەفسەرە پلەباڵاکانی رژێمی داناوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاو خستنەڕووی چارەسەر بۆ ئەم ناڕەزایەتیانەی سوەیدا!!

ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیە تەجروبەی ١٢ ساڵ بەر لەئێستای هەیە کە ڕاپەرینەکەیان بەشکست برا. بەپێی بانگەوازەکانیان بەجیا لەوەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەیەکریزی و یەکدەنگی بەشداری دەکەن و داوای دەسەڵاتی جەماوەری خۆجێی بۆ سوەیدا و ناوچەکانی دەوروبەری دەکەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی خانەنشین پەیوەست بوون بە خۆپشاندانەکەوە، مەیدانی کەرامە بوتە شوێنی ناڕەزایەتی و کۆکردنەوەی جەماوەری ئەو ناوچەیە و شوێنی قسەوباس و داواکاریەکان و نیشاندانی چالاکی جۆراوجۆرو لەدەوری یەکتر کۆبونەوە و داواکاری یەکریزی سەرتاسەری و روخانی ڕژێم، خۆرێکخستن لە خوارەوە لە کۆمیتەکانی گەڕەکدا بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریەکان و کاروباری ئابوری شاری سوەیدا، شێوەیەک لە هوشیاری لەم خۆپیشاندانە بەدیدەکرێت لە تەجروبەی بەشکست کێشانی راپەرینی پێشویان و هەروەها لە تەجروبەکانی ئێران و سودان، وە تەجروبە شکستخواردوەکانی لوبنان و عێراق وە دەرسێکی گەورە لەبەردەمیاندایە ئەگەر بە شکست نەبرێت.

ئەم بزووتنەوە چینایەتیە ناڕەزایەتیەی خوارەوەی کۆمەڵگە بۆ نان و ئاو و کارو بەدژی برسێتی و دیکتاتۆری و بەدژی گرانی و گەندەڵی کە خواستی زۆرێک خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگەیە لە ناوچەکەو لەجیهاندا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاو ئاسیادا، دەورەیەکی نوێیە نەک بۆ سەرتاسەری سوریا بەڵکو بۆ ناوچەکە، بۆیە هاوپشتی و لەپاڵدا وەستانی هەموو هێزە مەدەنی و چەپ و کۆمۆنیستەکانی سوریا و ناوچەکە و دنیا دەخوازێت، هەر ئەم هێزە هوشیارو ڕێکخراوەی خوارەوەی کۆمەڵگایە، کە دەتوانێ رێگا لە هەرجۆرە سیناریۆیەک بگرێت کە دەیانەوێت مۆری قەومی و دینی و ئاژاوەگێری لێبدرێت، هەر ئەم هێزەیە دەتوانێت بەشار ئەسەد بروخێنێ و کۆمەڵگایەکی ئازادو خۆشگوزەران دامەزرێنێت و ببێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ناوچەکە و جیهان.

٨ی سەپتێمبەری ٢٠٢٣

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ریزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت / بەشی سێهەم

لەڕوانگەی سیاسییەوە، بەڕای من ناکرێ خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی هەبێت، چونکە ئەم هاوسەنگییە سیاسییە بڕیار نییە لەنێوان باڵەکاندا ڕووبدات، دەبێت لە کۆمەڵگادا ڕووبدات. چ ئەندازەیەک لە لیراڵیزەبوون لە ئێراندا دەتوانرێت پایەداربێت؟ خەڵکێک کە ئەمە ئابوریەکەیانە و ئەم ئایدۆلۆژیایە بەسەریاندا زاڵە، چ ڕادەیەک لە لیبراڵیزەبوونی سیاسی دەتوانرێ لەهەمان ئاستدا ڕایانبگرێت و ڕێگری لە تەقینەوەیان بکات؟ کێ دەتوانێت بێت و لەئێراندا مۆڵەتی بڵاوکردنەوە تەنها بە نەهزەتی ئازادی(نهضت ازادی) بدات و دڵنیابێت لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە لەدەرەوەی ئەوان بڵاوکراوەکانی خۆیان بڵاو ناکەنەوە؟ کێ دەتوانێ ڕێگەبدات سەندیکاکان دروست ببن و پێیوابێت لەدەستی پارتی کاری ئیسلامیدا دەمێنێتەوە، کاتێک دەبینێت چەپەکان ئەزمونێکی سیاسی زۆریان هەیە، ڕەنگە هەمان سەندیکای ئیسلامی خۆی سبەینێ بکەوێتە دەستی گروپێکی کۆمۆنیستی.

هۆکاری هاوسەنگی پەرلەمانی لە ڕۆژئاوا، پەرلەمان نییە لە ڕۆژئاوا، بەڵکو میدیایە، ڕۆشنگەرییە، مێژووی پیشەسازیی بۆرژوازییە، شەڕە جیهانییەکانە، ئەمانە پەرلەمانیان سەقامگیرکردووە و تاڕادەیەکیش هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا قبوڵیان کردووە. بەوجۆرە نیە کە تۆ پێتوابێت سبەی ئێران دەبێتە پەرلەمانی و ئێمەش بانگهێشت دەکەن. تازە ئەگەر قبووڵیشی بکەین، سوپا قبوڵی ناکات. دەمەوێت بڵێم هەرکات سوپای ئەم ناوچەیە لە بەهێزبوونی پەرلەمان ناڕازی بووە، کودەتای بەسەردا ئەنجامداوە. عێراق نموونەیەک بوو. کابرا مەسینەیەکی بەدەستەوەیە و دەیەوێ بچێتە تەوالێت، بەڵام دۆخەکە بەجێگایەک گەیشتوە کە بەژنەکەی دەڵێ ئەگەر کودەتا ڕوویدا ئاگادارم بکەرەوە! چونکە سێ هەفتە جارێک کودەتا ڕوودەدات...پاکستان نموونەیەکی ترە...دەمەوێت بڵێم کێ یان چی؟ بڕیارە لەم گەمە پەرلەمانییەدا لە ئێران یاری بکات؟ ئەم هاوسەنگییە پەرلەمانییە بەرهەمی هاوسەنگییەکی پێکهاتەیی(ستراکچەری)، هاوسەنگییەکی دامەزراوەیی، هاوسەنگییەکی مێژوویی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. ڕێساورێکارێکی پەرلەمانیی پێویستە، لەناویاندا لایەنگەلێک هەن کە لەبەرامبەر یەکتردا وەستاون. ئەگەر بزووتنەوەیەکی چەپی دژە پەرلەمانی لەم وڵاتە (ئینگلتەرا) سەرهەڵبدات، لەهەنگاوی یەکەمدا دەبێت ڕووبەڕووی بەربەستی سۆسیال دیموکراسی و پارتی کرێکاران دەبێتەوە، کە وەبیری دەهێننەوە تۆ هیچ جێگەیەکت نییە! گەورەترین ڕکابەری ( پارتی سۆشیالیست ۆرکەر- ( SWPپارتی کرێکارانە کە ڕێگە نادات کرێکاران بەدوایدا بگەڕێن. حزبی پەرلەمانی هێزی هەیە، توانای هەیە جڵەوی توندڕەوەکانی ناو ژینگەکەی خۆی بگرێت. وەکو چۆن، تاچەر دەبێت جڵەوی توندڕەوە کۆنەپارێزەکانی بەرەی نیشتمانیی یانەی ماندل( ماندل کلاب ناشناڵ فرۆنت)* یش بگرێت. تا کاتێک تاچەر بە ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمەکەیەوە بتوانێت بە گەمەی پەرلەمانی بچێتە دەسەڵات، کەس دەنگ بە فڵانە حزبی فاشیستی نادات کە بیست ساڵە هەموو هەوڵێکی داوە کەچی ناتوانێت 1%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. دەمەوێت بڵێم بوونی ئەو نەریت و حزبانەیە ڕێگە بە پەرلەمان دەدات



کاربکات. ئەگینا ئەگەر مۆڵەت بە پەرلەمان بدەن لە ئێران ئەوا دەبێتە شەش حەوت پەرلەمان و دواتر دەپێچرێتەوە. ئەگەر ئەو نەریتانە پێشتر لە پەرلەمان نەبووبن، ئەوا تەقە لە یەکتر دەکەن. هەرکەسێک لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو ناڕازی بێت، درەنگ یان زوو تەقە دەکات، لایەنی بەرامبەریش تەقە دەکات. بە کورتی لکاندنی پەیکەری پەرلەمانی بەو کۆمەڵگایانەوە کە نە شۆڕشی کلاسیکی بۆرژوازی تێیاندا ڕوویداوە، نە بوونەتە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، وە نە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە سەقامگیری سیاسی، لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ حکومەتدا پێناسە بکات، بەو سادەییە مومکین نیە.

لەڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە، ئایا دەکرێ خاڵێکی هاوسەنگی نوێ لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامدا دابنرێت؟ پێمواننییە بتوانرێت. کێ بڕیارە ئەم هاوسەنگییە دروست بکات؟ خەڵک نایەوێت، ڕۆژئاوا خۆی حەزی لە ئیسلام نییە. باندێک، دەستەوتاقمێک، بیست ساڵ لەمەوبەر لە شەڕدا لەگەڵ حکومەتێکی شاهانەی سەربازیی لایەنگری

ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر بلۆکی سۆڤیەت و لەبەرامبەر ڕیزەکانی ناوخۆدا، دەستی بۆ ئیسلام برد، ئەمە ئیسلام ناکاتە ڕەوتێکی موعتەبەر لە کۆمەڵگادا، کە سەرچاوەی ئیلهام و سەرچاوەی پەیوەندییە سیاسیەکانی بەشێک لە کۆمەڵگا بێت. نییە. ئیسلام یەکێک لە سەرچاوەکانی بیرکردنەوەی خەڵکی ئێران نییە. ناسیۆنالیزم هەیە. ناسیۆنالیزم سەرچاوەیەکی بەهێزی بیری سیاسی ئینسانی ئێرانە، بەڵام ئیسلام ئەگەر هەبووبێت، هەرچەند هەبووبێت، لەم ڕۆژانەدا زۆر لاوازبووە. لە ساڵی ١٩٠٧-١٩٠٩، لە سەردەمی شۆڕشی دەستووریدا، خەڵک ئیسلامیان قبوڵ نەکرد، دوای سەد ساڵ دەیانەوێت ئیسلام وەک بنەمای پێکهاتەی سیاسی پێناسە بکەن!؟ ئەمە پراکتیکی نییە. سەرەنجام لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە بەبڕوای من هاوسەنگی نوێی ئیسلامی مومکین نییە. تەنانەت بەگشتی عەلمانیەتی ئیسلامی، ناسیۆنالیزمی ئیسلامی، ئیسلامی ڕۆژئاوا، ئیسلام لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ، هەرچییەک بێت، بە بۆچوونی من هیچ کەیسێکی نییە و پراکتیکی نییە. ئەم مشتومڕە بەردەوامە و ئەوەندەی پەیوەندی بە سەرمایەداری و ئیسلام لە ئێرانەوە هەیە، پەیوەستە بە شکستی ڕابوون(نهضت)ی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تەسلیمبوونی ڕابوونی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێک خۆی لەپرسی ئیسرائیلدا نیشان دەدات. ئێستا ئیتر حکومەتی ئیسلامی ئێران. ئەم دوو هۆکارە یەکلاکەرەوەن. عەرەب و ئیسرائیل... ئایدۆلۆژیا... ڕۆژئاوا تازە خەریکە کاریگەری دادەنێت، لەئێستادا بەمشێوەیەیە. لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لەڕوانگەی فەلەستین و بزووتنەوە دژە ڕۆژئاواییەکانەوە سەیری پرسی ئیسلام دەکەن. سەرەنجام ڕۆژئاوا دەبێت نیشانە دژە ئیسلامیەکان ببینێت بۆئەوەی جیهانی ئیسلامی پێشوو بچێتە ناو گەشەسەندنی سەرمایەدارییەوە. ئەمە هێشتا هیرۆشیمایەکی نییە. تازە ئەمەیە کە خەریکە لە مەنگەنەی دەدات، هێشتا ڕۆژاوا خەریکە...

سەرەنجام پێموایە بەدڵنیاییەوە ئیسلامییەکان دەڕۆن. هۆکارێک کە یارمەتیدەربووە تا ئێستا بمێننەوە ئەوەیە کە تا ئێستا لەم ئاراستەیەدا تەحەدایان نەکراوە، ئەم تەحەدایە تازە دەستی پێکردووە. تا پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر کەس تەحەدای نەدەکرد، ئێستا خەڵک تەحەدای دەکەن، ئەم ڕژێمەیان ناوێت، سەرەنجام بەڕای من دەبێ بڕوات. ئەوەی کێ جێگای دەگرێتەوە؟ هەوڵ دەدەم سەبارەت بە سێ چەمک لەپەیوەند لەگەڵ یەکتردا قسە بکەم: سەرنگونی، شۆڕش و سۆسیالیزم. پەیوەندی ئەم سێ چەمکە پێکەوە چییە؟

ئایا سەرنگونی هەردەبێ لەڕێگای شۆڕشەوە بێت؟ یەکەم باسی من ئەوە بوو کە دەکرێت وابێت، باشترین ڕێگە بۆ سەرنگونی ڕەنگە شۆڕش بێت، هەرچەندە ڕەنگە... باشترین گومانیش ئەوەیە کە سبەینێ وازبێنن و بڕۆن، داوای لێبووردن دەکەین و حکومەتەکەمان کۆتایی هات، هەمووان سواری فڕۆکەکە بن و بڕۆن و شەقامەکان بۆ خەڵک بەجێبهێڵن. ئایا سەرنگونی هەر ئاکامەکەی شۆڕش دەبێت؟ بەبڕوای من لەڕووی مادییەوە لە ئێراندا ڕووخانی کۆماری ئیسلامیش بەبێ شۆڕش دەتوانێ ڕووبدات. ڕەنگە کودەتایەک ڕووبدات، ڕەنگە لەناوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامیەوە کودەتایەک ڕووبدات، کە لەڕۆژی یەکەمدا بڵێ هەموومان پابەندین بە چارەنووسی ئیسلامەوە، بەڵام دواتر بکێشێت بەژێریدا. ڕەنگە وابێت. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە لەژێر فشاردا، لەپرۆسەیەکی گۆڕانکاری خێرادا دەستور بگۆڕن. زۆر شت مومکینە: مەلاکان بچنەلاوە هتد. مەرج نییە سەرنگونی و شۆڕش پێکەوەبن، یان مەرج نییە شۆڕشی لەگەڵدا بێت. دیارە شۆڕش سەرنگونیش دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە سەرنگونی شۆڕش دروست بکات.

**درێژەی هەیە....**

**سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**